پاشماوەی

# فێستیڤاڵێکی سنوورپسێن





فەرهاد شاکەلی



گۆنا جاف

**ڕەوشی ڕۆمان و کورتەچیرۆک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:** برای نووسەر و ڕۆژنامەوان (حوسەین ئیران دۆست). بە چڕی ئاگای لە ڕەوتی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتە، پێی وا بوو تەکنیکی نووسین تەکنیکێکی جیهانییە، چۆن میللەتان تەکنیک بە کار دەهێنن، کوردیش هەروەها. لە قسەکانیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی گەلێک نووسەر کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی (جەلالی مەلەکشا). وتی: لەسەرەتاوە بە فارسی نووسیویەتی، پاش گەڕانەوەی بۆماڵی ئەدەبی کوردی تەکنیکی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

**پرنسیپەکانی تازەگەری لە شیعری کوردیدا و گرنگترین هەڵەکانی:** لەلایەن (د. سەروەر عەبدوڵاوە). پسپۆری ئەدەبیاتی هاوچەرخ لە زانکۆی سەلاحەدین بوو. ئێستا لە ئەلمانیا دەژی.

**پ:** بەڕێزتان لە وتارەکەتاندا ئاماژەتان بەوە کرد، کە گۆران قوتابخانە نییە؟

**و:** لەسەرەتادا پێویستە ئەوە بزانین لەکسیکۆنی قوتابخانە کۆمەڵێ چەمکی گرنگ دەگرێتە خۆی، قوتابخانە بۆ هەبوونی خۆی پێویستە بنەمایەکی فیکری یان زەمینەیەکی ئایدۆلۆژی هەبێت لەگەڵ کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا، کە ئەم بنەما و زەمینانە لە ئەدەبدا تواناتر و قایمتر دەکات. بە شێوەیەکی گشتی چەمکی قوتابخانە ئەمڕۆ بە ڕاست نازانرێت بۆ ئەو جووڵانەوە ئەدەبییانە و ئەو بزووتنەوە تازەگەرییانە، کە دێنە ئاراوە یان هاتوونەتە ئاراوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەدەب، شیعر بەتایبەتی، زادەی هەست و نەستە. ئەم توخمانەش ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها یان نیوەڕەها پابەندی ویستەکانی ئەم زەمینە و بنەما فیکری و ئایدۆلۆژیانە بن، بەتێکڕایی و بنەما و یاسا و ڕێساکان. بۆیە دەکرێت لە فیزیا یان لە کیمیا قوتابخانە هەبێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ ژمارە و پێوەر و ئاماژە و چەفەنگ (ڕەمز) دەکات. بەڵام شیعر ئەوەی پێناکرێت، لە هەمان کاتدا ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کۆمەڵێ خەسڵەت و سیما هەنە شێوە قاڵبێکی شیعری لەوی تر جیا دەکاتەوە. گۆران بەم مەفهومە لە قاڵبێکی تازەتر دەنووسێت وەک لەوەی پێشوو، بەڵام ناکرێت بە قوتابخانە بناسرێت، من زاراوەی (ڕەوت) بە باشتر دەزانم وەک لە قوتابخانە. بۆ ئەو شێوە ئەدەبیە جیایە، لە ڕەوتیش ڕەنگە تەوژم (تیار) پەیدا بێت یا هەبێت.

## ڕۆژی دووەم ٢٠٠١/٤/٢٩

**تەصەوف لە هەڵبەستی کلاسیکی کوردیدا:** بەڕێز (فەرهاد شاکەلی).

مێژووی سۆفیگەری لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە توانای سۆفییە کوردەکان گەلێک جار سنووری کوردستانیان بڕیوە کەسانێکی زۆری ناکوردیش ڕوویان لە قیبلەی سۆفییە کوردەکان کردووە، وەلێ ئەم دۆزە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ڕۆحییە تا ئێستا وەک پێویست لە خەرمانەی ڕۆشنبیریی کوردیدا مەڵۆی توێژنەوەی بۆ نەکراوە، شاکەلی بە بابەتەکەی سەرنجی تەواوی دانیشتووانی هۆڵەکەی ڕاکێشا، وتی: تەصەوف لە بیر (مجرد) نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی فیکری خۆی هەیە، کە هەموو موسوڵمانێک (یان) (خواخوازێک) ناتوانێت ئەو ئەرکە فیکرییانە بخاتە سەر شانی ڕۆحی، بە کورتی بابەتەکەی بابەتێکی نوێ و تامەزرۆدار و بەکەڵک و ئافەریندار بوو.

**دیرۆکی ئەدەبیاتی زاروکان:** خانم (سەرفراز نەقشبەندی). بونیادە پێویستییەکانی ئەدەبی زارۆکان، دونیا بینینی زارۆکەکان. وتی: لەبەر ئەوەی زارۆکەکان ڕۆحێکی عەجولیان هەیە بەدوای لایەنە تاریکەکانی ژیاندا دەگەڕێن، بۆیە دەبێت نووسەری منداڵ ڕاستگۆ بن و بابەتێک هەڵبژێرن، کە پرسیارە بێوەڵامەکانی منداڵان بداتەوە. تەمەنی منداڵ لایەنێکی تری ئەدەبی منداڵانە، نووسەری کورد دەبێت وەڵامی بداتەوە، نەوبەهاری ئەحمەدی خانی بە سەرەتای ئەدەبی منداڵانی کوردی دانا.

**پەیوەندی ئەدەبیات بە بوونی دەوڵەتەوە:** لەلایەن بەڕێز (مەلا عیسمەت)ەوە. ئاوڕدانەوەیەکی زیرەکانەی پەیوەندی نێوان بوونی قەوارەیەکی سیاسی (دەوڵەت) ئازادیی نەتەوایەتی بە ئازادی و بە داهێنانی ئەدەبییەوە.

**کارتێکەری نوێی جیهانی لەسەر هەڵبەستی نوێی کوردی:** (فەریدخان). مادامەکی تەکنیکی هونەری نووسین تایبەت نییە بە میللەتێک و سنوورێکی تایبەتییەوە، کەواتە هەر تەکنیکێکی نووسین لە هەر شوێنێک بێتە ئاراوە ئەوە سنوور و شوێنی لەدایکبوونی خۆی دەبڕێت و میللەتانی تر کەڵکی لێوەردەگرن.

لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا کۆمەڵێک شاعیری کورد بە خوێندنەوەی کۆمەڵەشیعرێک پاڵیان بە ڕۆژەکەوە نا (محەمەد ئەمین پێنجوێنی، نەجیب باڵایی، هۆشەنگ بڕۆکا، هێڤی بەرواری، حەکیم سەفقان، مەلا سدیق، سیامەند هێکاری، کرمانج هاریکی، سەیدا، گۆنا جاف و دلۆڤان).

لەوە دەچێت (پێنجوێنی) کە ناوی ئەنفال و ئایەتی ئەنفال دەبیستێت ڕۆحی لەرز دەیگرێت، بۆیە هۆن هۆن فرمیسک بە چاوی شیعرەکانیدا دەهاتە خوارێ، ئەمە خاسیەتی هونەرمەند و نووسەرە، کە ڕووداوە تراژیدییەکانی مرۆڤ فەرامۆش نەکات و چەمۆڵەی وشە، مشتەکۆڵەی ڕستە، بێڵی شیعر لە داگیرکەران و ئەنفالچییەکان هەڵگرێ نەک لە مێژوو لە ڕۆژگار و لە بوون و لە کوڕ و کۆمەڵدا بە لەعنەتیان بکات، دەبێت ئەو منداڵە تەمەن چەند بەهارە، ئەو کیژە تەمەن خونچەیە ئەو دایە و بابە مێژوو پشت چەماوانە چ تاوانێکیان کردبێت لە باوەشی بێبەزەیی و بەربەرییەتی گەردەلوولی بیاباندا بە تاوانی تەنیا (کوردبوون) دەستە بە دەستە ڕۆح و جەستە و هیوا و مێژوویان گوللەڕێژ بکرێت! ئەم ڕووداوە (ئەنفال) نەک شاعیر و هونەرمەند و نووسەری کورد، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی لێی بەرپرسیارە. ڕەنگدانەوەی تراژیدیای ئەنفال لە هەر شێوە بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریدا بێت پەیوەندی بە بەرزیی ڕۆح و ڕەوشت و مورالی مرۆڤایەتییەوە هەیە. کاکە (حەمە) خۆی نەگریا، وەلێ وشە لە دوای وشەی شیعرەکانی هۆن هۆن فرمێسکیان بۆ تاوانەکانی ئایەتی بەربەریی ئەنفال دەڕشت، ئەم شیعرە وێنەیەکی فۆتۆگرافی تاوانەکانی نەوەکانی (سەعدی کوڕی وەقاص)ی لە مێژووی کورددا نیشان دا:

سروشت... یەزدان، مێژوو، یاسا
ئادەم... پەری
بەخوڕ ئەشکی ئەرخەوانی شەرمەزاری
لێ ئەبارێ
ئەمە داستانی ڕووزەردی ئەم چەرخەیە
ئەم نامەردیی ڕەوشتی ئەم ئەستێرە ڕەنگینەیە
من (سەحراوی) کێوە زا بووم
من بە ناڵەی کورد لەم سارایە هەڵتۆقیوم
(یوسیف)ێکم لە کاروانی زیندەبەچاڵا
بەجێماوم
دیاری (ئایەتی ئەنفالم) بۆ بیابان
چەپۆکی گورزی خوای غەزەب
منی کردووەتە حوشترەوان

## گۆنا جاف:
### لە پێخەفی وشە نەرم و شلەکانی خانمە جافێکدا.

خانمی شاعیر گۆنا جاف، ئەم خوشکە یەکێکە لەو ناسکە ڕۆحانە لەو ڕۆژەوەی زمانی شیعری پژاوە، بەرەنگاری یاسا نامرۆڤایەتییەکانی پیاوسالاری بۆتەوە (گەمە ڕۆحییەکانی گۆنا) ناونیشانی شیعرەکەی بوو. گۆنا لەم ڕۆژەدا بە دوو بەرە بەرەنگاری لەمپەرەکانی کۆمەڵگا بووەوە، بە دیکۆر ناسکی خۆی و شیعرە جوانەکانی.

دیکۆری گۆنا: چاوەکانی بە ماسکارایەکی ڕەشی تۆخ ڕشتبوو، لێوەکانی سوورێکی تەنک و تەڕ، قژە درێژەکەی وەک سیمبۆڵی ئازایەتیی فیکری بەسەر شان و ملیدا شۆڕ کردبووەوە و...، هەڵبژاردنی ئەم دیکۆرە و خوێندنەوەی شیعرێکی ناسکی خانمانی، بڕوا بە خۆبوونی گۆنای نیشان دەدا. لە کۆڕێکی پڕ نێرینەدا (یانی ئەی نێرینەکان من هەم و دەتوانم باس لە ئازار و خەونەکانم بکەم!) بۆ گۆنا خەوش نەبوو، شەرم نەبوو کە خەوێکی ناسکی ڕۆحی شەوێکی تەنیایی خۆی بۆ جەماوەری شیعردۆست ئاشکرا بکات. گۆنا وشەکانی ماچ دەکرد و دەیکردنە پەپوولەیەکی باڵ سووراوی لێوە سووراوکراوەکەی و پێشکەش بە دانیشتوانی هۆڵەکەی دەکرد. دەیزانی ڕۆحی ڕەسەنایەتیی شیعر لە دەنگی شاعیرەکە خۆیەوە جوانە، ئازایەتیی خانمانی شاعیری کورد لەوەدایە ڕووی حەقیقەتە ڕۆحییەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن... گۆنا دەڵێت:

هەردووکمان ژەنگاویترین
بەشە جێماوەکانی عەشقین
کەچی بەیەکیشەوە جوانین
ئەی جوانترین وجود
لە یەکەم بینین و ... لە یەکەم ماچ و...و...
لە یەکەم توانەوەمان بوو
وەرە بەهەسترین جەستە... بمکرۆژە

ئەمە شیعرێکی بێ پەچەیە، بێ عەبایە، بێ سەرپۆشە، بێ سانسۆرە و ئازایەتییە.

ئەمە شیعرێکی ڕاستگۆی ناخی ئافرەتێکی کورد نیشان دەدات، چۆن گۆنا غەدر لەسەر و قژ و چاو و لێو و پوز و... وجودی خۆی ناکات، ئاواش ئازایانە پەچەی شەرم و پەردەی سانسۆری نەریتی کۆمەڵگای پریمیتیفی پیاوسالاری بە ڕووی شیعرەکانیدا نادات.





# کۆمپانیای ڕێناز

بە هۆی "کۆمپانیای ڕێناز"ەوە، ئیدی ئاهەنگە کوردییەکان گرفتی ساوند سیستەم و کەموکوڕیی دەنگیان نابێت!
"کۆمپانیای ڕێناز" ئامادەیە بۆ بە کرێدانی هەموو جۆرە ئامێرێکی مۆسیقای و دەنگ، بە ئامێری نوێ و بە نرخێکی گونجاو.
کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بۆ سەرپەرشتیی کردنی ئامێری دەنگ و ڕووناکی، بە نرخێکی زۆر گونجاو.



"کۆمپانیای ڕێناز" ئامادەیە بۆ سازکردنی هەموو جۆرە ئاهەنگێکی کوردی.
"کۆمپانیای ڕێناز" خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە لە بواری گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردیدا، بۆ ڕازاندنەوەی ئاهەنگەکانتان لە کەش و هەوایەکی بە جۆشدا.

**کۆمپانیای ڕێناز، ئامادەیە بۆ فیلم گرتنی هەموو جۆرە ئاهەنگ و بۆنەیەکی کوردی**
**بە تازەترین ئامێری میکسر و بەسەرپەرشتی پسپۆری کامێرا**
**کاک سامان مەحموود**

**بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندیی بکەن بە هونەرمەند "یاسین نامیق"ەوە بەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:**

**Tel &Fax:** 0207 792 5563
**Mob:** 07881505444

Email: **yassenn@hotmail.com** **www.yassenmusic.com**



# نووسینگەی مەلا





بۆ پەیوەندی جیهانی
(تەلفۆن، فاکس و حەواڵە ناردن)
هەولێر ـ شەقامی ئاراس بەرامبەر ئوتێلی شیرین پالاس.

**Tel:**
00873 762060680
00873 762060683
00873 762015983
00873 762015986
00873 762060232
00873 762060235
00873 762094063
00873 762094065

**Fax:**
00873 762060681
00873 762015984
00873 762060233
00873 762094064

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی: 0958 417 664 لەلەندەن.

# شیستا گرۆسن

KISTA GROSSEN AB

بەتایبەت بۆ کوردەکانی دانیشووی ستۆکهۆڵم!!
هەموو جۆرە خواردەمەنییەک و پێویستییەکانی تریناوماڵمان بە نرخێکی هەرزان لەلا دەست دەکەوێت.
دەتوانن بەم ژمارانەی خوارەوە پێوەندیمان لەگەڵ بکەن:
تەلەفۆن: 08-7510100 فاکس: 08- 7527250
موبیل تەلەفۆن: 070-4916334
Box 1399, 164 29 Kista **Sweden**

**خاوەنی: مەحموود رەحیم (خولە)**